# "بەپێی بارودۆخی سەردەم"

ئانتوان چۆخۆف

و: کامیل نەجاڕی

ژن و پیاوێکی لاو لە ژووری میوانداری کە کاغەزدیوارییەکانی بە رەنگی شینی ئاسمانی بوو، باسی خۆشەویستییان دەکرد.

پیاوی جوانچاك لەبەردەم ژنە لاوەکە دا کرنۆشی بردبوو و سوێندی دەخوارد:

- خۆشەویستم بە بێ تۆ ، ناتوانم بژیم! بەخوای بە راستمە.

هەروا کە پشووی سوار ببو درێژەی بە قسەکانی دا.

- لەو کاتەوە کە ئێوەم دیتووە، بێ ئۆقرەم! خۆشەویستم قسە بکە... خۆشەویستم ... بەڵێ یا نا؟

ژنە لاوەکە، لێوەکانی لێك کردەوە بۆ ئەوەی وڵام بداتەوە بەڵام لەو کاتە دا، دەرکەی ژوورەکە تۆزێك کراوە و براکەی لە کەلێنی دەرگاوە وتی: لی لی، تکایە یەك خولەك وەرە دەرەوە کارم پێتە.

لی لی چووە دەرەوە و پرسی:

- کارێکت هەبوو؟

- بەقوربان ببوورە کە موزاحیمتان بووم. .. بەڵام من برای تۆم و بە پێی ئەرکی پیرۆزی برایەتی لەسەرمە هۆشداریت پێ بدەم... ئاگات لەو کابرایە بێ. پارێز بکە... ئاگات لە قسە کردنت بێ... پێویست نییە باسی هەموو شتێکی لەگەڵ بکەی...

- ئەو خەریکە پێشنیارم پێ دەکا شووی پێ بکەم.

- من کارم بە پێشنیارەکەی نییە... ئەوە تۆی کە دەبێ بریار بدەی نە من... تەنانەت ئەگەر بە تەمای زەماوەندیشی لەگەڵ بکەی هەر ئاگات لە قسە کردنت بێ. من ئەو جەنابە چاك دەناسم... لەو بێ شەرەفانەی رۆژگارە! هەر ئەوەندە بەسە قسەیەکی لە لا بکەی بۆ ئەوەی خێرا بچێ راپۆرتت لەسەر بدا.

- زور سپاس ماکس... باش بوو باست کرد. من خۆ نەمدەناسی.

ژنە لاوەکە گەراوە بۆ ژووی میوانداری. وڵامی پێشنیاری کابرای بە "بەڵێ" دایەوە. کاتژمێرێك لەگەڵ یەکا دانیشتن، یەکتریان ماچ کرد. یەکتریان لە ئامێز گرت و سوێندیان بۆ یەکتر خوارد. بەڵام ژنە لاوەکە زۆر پارێزی کرد، جگە لە ئەوین و خۆشەویستی باسی هیچ شتێکی دیکەی نەکرد.